# ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا

# (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**دانا فاضل محمد** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: danafazil@gmail.com

**طاهر حسۆ زێباری** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: tahir.zebari@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان چەمکەکانی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، هۆشیاری سیاسی، پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی) بدۆزێتەوە، پاشان ئاماژە بە سەرهەڵدانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات، بە مەبەستی دۆزینەوەی کاریگەری و گرنگی ڕۆڵیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ژیانی خەڵکدا، دواتر بزانین تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر هۆشیاری سیاسی تاکەکان هەیە، پاشان کاریگەری پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا بە کوێ دەگات، وە ئایا هۆکارێک دەبێت بەدەستی جەماوەرەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، یان دیسانەوە دەسەڵاتداران دەتوانن ئەم هۆکارەش وەک هۆکارەکانی تر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن و وەک جۆرێکی تر لە چاوبەست کردن ئامانجەکانیانی پێ بەدی بهێنن.

ساڵی (٢٠٢٠) نزیکەی (١٥) ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دەرکەوتنی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەمە واتای ئەوەیە ئەو کۆمپانیایانەی خاوەنی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتین داتای (١٥) ساڵی ئەندامەکانیان لا کۆبووەتەوە، لە وێنە، ڤیدیۆ، کلیک، پۆست، شێر، شوێنی نیشتەجێ بوون، کارو حەز و .... هتد، کە پێشبینی دەکرێت لەڕێی شیکردنەوەی داتاکانەوە ئاڕاستەی سیاسی کەسەکان لە پێش هەڵبژاردن بزانرێت، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بە چ شێوازێک کاریان تێدەکرێت و ئاڕاستەیان دەگۆڕێت، ئەوەش گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر ئاستی جیهانی دروست دەکات.

**کلیلە وشەکان:** پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، هۆشیاری سیاسی، پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## پێشەکی:

گەشەسەندنی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو، کە سەرجەم چین و توێژ و وڵات و نەتەوەکان بەکاری دەهێنن و بووە بە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێگەیەکی گرنگی بۆ خۆی داگیر کردووە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەشێوازێکی نوێ دارِشتۆتەوە بەجۆرێک زۆرینەی پەیوەندییە راستەخۆکانی گۆڕیوە بە پەیوەندی ئەلکترۆنی، بەو شێوازە زۆرێک لە گەنجان پەیوەندییان لەگەڵ کەسێکی ئەودیوی گۆی زەوی پتەوترە وەک لە پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکیدا، هەر ئەوەندە نا بەڵکو بووەتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و زۆر بەئاسانی کلتورو بیروبۆچوون و دیاردەکان دەگوازێتەوەو لە بەشداربووەکانیدا دەیچەسپێنێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات رێژەی کاریگەری پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەرێگەی گۆڕانکاری لە هۆشیاری سیاسی تاکەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو ئامانجێکی دیاری کراو، هەروەها بەکارهێنانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بووە بە ئامرازێکی کاریگەر بۆ گۆڕین و ئاراستەکردنی رای کەسەکان، لێرەدا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دۆزینەوەی رێژەی کاریگەری پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ئێستا و داهاتوو.

**خشتەی ( ١ ) نەخشەی پێکهاتەی توێژینەوە**





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی یەکەم/ پێناسەو چەمکەکانی توێژینەوە:

### ١-١-١: پێگەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی (Social Media):-

بریتیە لە پێگەکانی ناو ئینتەرنێت، کەسەکان بۆ مەبەستی دروست کردن و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەکاری دەهێنن، بەو شێوازەی لەگەڵ حەز و پێویستیەکانیان بگونجێت (Nguyen, 2017: 11)، یان دەتوانرێت بوترێت شێوازێکە لە پەیوەندی ئەلکترۆنی (نموونەی ماڵپەڕە تۆڕییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تیانووسە ئەلکترۆنیە بچوکەکان) کە لە ڕێگایەوە بەکارهێنەران دەتوانن گروپی ئەلکترۆنی دروست بکەن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕاو نامەی تایبەتی و بابەتی تر وەک (وێنەو پارچە ڤیدیۆ) بکەن (Obar, 2015: 746)، لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژی بۆ پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتیە لە دروست کردن و فراوان کردنی پەیوەندییە پیشەیی و هاوڕێیەتیەکان (مشري، ٢٠١٢: ١٥٠)، بەپێی ئەم پێناسانە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەناڵێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی کەسەکان لە ڕێی نوسین و وێنەو پارچە ڤیدیۆ بە ڕێگەی پەیوەندیی ئەلکترۆنی.

هەندێک لە پێناسەکانیش ئاماژە بە جۆرێک لە سیستمی کۆمەڵایەتی ناویان بردووە، وەک دەڵێن؛ تۆڕەکان ڕێگە بە بەشداربووان دەدەن کە پێگەی تایبەتی خۆیان دروست بکەن پاشان لە ڕێگەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئەلکترۆنی بە ئەندامەکانی ترەوە دەیان بەستێتەوە (راضي، ٢٠٠٣: ٢٣)، ئەم پێناسەیە ئاماژە بە پێگەی تایبەتی دەدات لە جیهانی ئەلکترۆنیدا بەرامبەر بە خانوو و ماڵی تایبەتی کەسەکانە لە جیهانی مادیدا، هەروەها ئاماژە بە بوونی سیستمی بەڕێوەبردنی پێگەکان دەدات لە بەرامبەر بوونی یاسای فەرمی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و ژیانی کەسەکان بەکاردێت لە ژیانی کرداری کەسەکان، بەم واتایە پێناسەکان دەیانەوێت ئەو بۆچوونە بگەیەنن کە کۆمەڵگای ئەلکترۆنی کە پێگەکان دروستیان کردووە، هاوشێوەی کۆمەڵگای ڕاستەقینەی مرۆڤەکانەو لەسەر هاوشێوەیی ئەو بونیاد نراوە.

سەرئەنجام دەگەینە ئەو ڕایەی کە هاوشێوەبوونێکی زۆر هەیە لە نێوان کۆمەڵگا گریمانەییە ڕاستەقینەکە لە بوونی پەیوەندی ئەلکترۆنی لەبەرامبەر پەیوەندی ڕاستەوخۆ، پێگەی تایبەتی کەسەکان لەبەرامبەر خانوو و شوقە، سیستمێکی ئەلکترۆنی لە بەرامبەر یاسا و دابونەریت، بێجگە لە چەندین چالاکی جۆراو جۆر کە لەهەردوولا هاوشێوەیان هەیەو کاریگەرییان دووسەرەیەو وەڵام و وەڵام دانەوە هەیە، جیاوازییەکە لەوەدایە پێگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەلکترۆنین و کاتی کەم و جێگۆڕکێی ناوێت و پەیوەندییەکان بێسنورە، لە دووەمدا کاتی زۆرو جێگۆڕکێی بەردەوامی پێویستە و پەیوەندییەکان سنورداره، بێجگە لەوەی خزمەتگوزارییەکانی پێگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە فراوان بووندایەو سەرجەم بوارەکانی ژیانی لەخۆی گرتووە.

پێناسەی ئیجرائی بۆ چەمکی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە شێوازێکی پەیوەندی ئەلکترۆنی کە لە ڕێگەی ماڵپەڕە تۆڕییەکانەوە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕاو وێنەو پارچە ڤیدیۆ بکەن، و کاریگەری لەسەر (بیرور، هەست، هەڵسوکەوت) ی کەسەکان دروست دەکەن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

### ١-١-٢: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Socialization):-

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتیە لەو کردارەی بوونەوەرێکی تازە لەدایک بوو، هەنگاو بە هەنگاو دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی هۆشیار لە ناخی خۆیدا و شارەزا بەو زانیاری و لێهاتوویانەی پەیوەستە بەو کۆمەڵگایەی تیایدا لە دایک بووە (غدنز، ٢٠٠٥: ٨٨)، زانایان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەو زانا کۆمەڵناسانەی کاریگەرن بە بیروڕاکانی (داروین) پێیان وایە پێکهاتەی بایۆلۆژی مرۆڤەکان ڕۆڵەکان دیاری دەکات نەک ئاراستە کۆمەڵایەتیەکە، لە بەرامبەردا ئەوانی تر پێیان وایە کە کۆمەڵگا بنەماو بەهاو یاساکانی بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کردارێکی زۆر ئاڵۆزەو سەرجەم هۆکار و دامەزراوەو چالاکیەکان کاریگەری خۆیان دادەنێن لەسەر تاک و گروپەکان (طربیە، ٢٠١١: ٣٥-٣٦).

پێگەیاندنی کۆمەلایەتی بریتیە لە بەدەستهێنانی زانیاری (کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، ڕۆشنبیری، .... هتد) لەگەڵ چاندنی بەهاکان و شارەزایی و لێهاتوویی لە هەڵسوکەوت و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا.

پێناسەی ئیجرائی بۆ چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە کرداری فێرکردن و ڕاهێنان کە مرۆڤ پیایدا تێدەپەڕێت، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی.

## باسی دووەم/ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی:

### ٢-١-١: مێژووی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت:-

خاڵی دەستپێکی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤێتی جاران مانگی دەستکردی سپۆتیکی ساڵی (١٩٥٧) ناردە بۆشایی ئاسمان، ئەمە وای کرد (ئایزنهاوەر)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تیمێکی گەورە پێکبێنێت لە عەقڵە زانستیەکانی بۆ ئەوەی بتوانن هاوشانی ئەو پێشکەوتنەبن (العقیل، ٢٠٠٠: ١٥)، بێجگە لەوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ترسی ئەوەیان هەبوو کە یەکێتی سۆڤێت هێرشی موشەکی بکاتە سەر ناوەندەکانی زانیاری و بەیەکجار هەمووی لەدەست بدەن، بیرۆکەی ئینتەرنێت لەوەوە دروست بوو کە ویستیان زانیارییەکان لە هەمان کاتدا لە چەندین شوێنی جیاواز هەبێت، واتا ئەگەر سەنتەرەکانی تووشی مەترسی فەوتان بوونەوە ئەوا جێگرەوەی زۆری هەبێت و ئەمەشیان لەڕێی هێڵی ئینتەرنێتەوە ئەنجامدا (فهمي، ١٩٩٦: ١٢).

یەکەمین تۆڕی ئینتەرنێت بە (ARPANET) ناسرا کە کورتکراوەی ( Advanced Research Projects Administration)، لە لایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکیەوە وەک پرۆژەیەکی تۆڕی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە ساڵی (١٩٦٩) دروست کرد، سەرەتا (٣) کۆمپیوتەری لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بە دانەیەکی تر لە ویلایەتی یۆتاه دەبەستەوە (شاهین، ١٩٩٦: ١٢).

لە ساڵی (١٩٨٠) (Tim Berners-Lee) بەرنامەیەکی تری بە ناوی (Enquire With in) ڕایەڵەی (Web) ی جیهانی ڕاگەیاند، دوای ئەوە ڕاستەوخۆ لە ساڵی (١٩٨١) (IBM) ی ڕایگەیاند کە یەکەم کۆمپیوتەری کەسی دروست کرد و لەگەڵ کۆمپانیای (Microsoft) بەرنامەی (DOS) ی خستە کارەوە، لە نۆڤێمبەری (١٩٨٣) (Jon Postel) و هاوڕێکانی سنورە ناسراوەکانیان وەک (com, edu, gov, org, net) دروست کرد کە دەتوانێت هەموو ماڵپەڕە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

ئەلکترۆنیەکان هەڵبگریت، هەروەها توانرا پۆلێنکاری لە ماڵپەڕەکاندا بکرێت وەک (بازرگانی، خزمەتگوزاری، زانستی، ..... هتد) یان هەر بەشێک بێت لە سیستمێکی ئەلکترۆنی و سەر بە دەوڵەتێک بێت، لە ساڵی (١٩٨٤) ئاسۆی سایبیری داهێنرا لە لایەن (William Gibson) و هەر لەو ساڵەشدا کۆمپانیای (Macintosh) کۆمپیوتەری (Apple) ی وەکو یەکەم کۆمپیوتەری کەسی داهێنا، کە وێنەی بەکاردەهێنا لەجیاتی نوسین کە لەڕێگەی ماوسەوە کاری پێدەکرا، لە(١٩٨٥/٣/١٥) یەکەم سنور ناوی بوو (symbolic.com) بە فەرمی گیرا، لە ساڵی (١٩٨٦) ماڵپەڕە میوانەکان لەسەر ڕایەڵەی (ARPANET) گەیشتە (٥٠٠٠) ماڵپەڕ و ساڵی ١٩٨٧ بوو بە (١٠٠٠٠) و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا گەیشتە (١٠٠٠٠٠) (الاسمري، ٢٠٠٩: ٢١).

لە ساڵی هەشتاکاندا دامەزراوەی سەربازی ئەمریکی گرنگی پێدانی بۆ ڕایەڵەی (ARPANET) کەم بووەوە، لەبەرامبەردا ئیدارەی ڕایەڵەکەی بە زانکۆکان سپاردو لە ماوەیەکی کەمدا لەناو زانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپا بڵاوبووەوە، هەر لەو کاتانەدا دامەزراوەی زانستی نەتەوایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ( National Science Foundation-NSF) هەستا بە دروست کردنی ڕایەڵەی (NSF NET)، پاشان لەگەڵ ڕایەڵەی (ARPANET) یەکی گرت و وەکالەتی بە ناوەندە هەرێمایەتیەکانیان بەخشی (السالمي، ٢٠٠٢: ٤٤٣-٤٤٤).

یەکەم ماڵپەڕی ئەلکترۆنی بە ناوی (دامەزراوەی ئەوروپی بۆ وزەی ناوەکی) کە ناسرا بە (CERN) دروست کرا، لە ساڵی (١٩٩٢) چەمکی گەڕان هاتە ناو جێبەجێ کردنی ماڵپەڕەکانەوەو ژمارەیان گەیشتە (٣٤٠) هەزار ماڵپەڕ، لە ساڵی (١٩٩٤) دا (٣) ڕوداوی گرنگ سەری هەڵدا، یەکەم دامەزراندنی کۆمپانیای (Netscape) و دووەم پەخش کردنی (Amazon.com) لە لایەن (Jeff Bezos) ەوە، سێیەم پەردە لابردن لەسەر بەرنامەی (Java) لە لایەن کۆمپانیای پرۆگرام سازی (Sun Microsystems) بوو، ئەم بەرنامانە ئاسانکاری ئەوتۆیان کرد کە خەڵکی بە گشتی بتوانن ئەنتەرنێت بەکاربێنن (الاسمري، ٢٠٠٩: ٢٢-٢٣).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## ٢-١-٢: مێژووی دەرکەوتنی ئینتەرنێت لە سلێمانی:

مێژووی دەرکەوتنی ئینتەرنێت لە شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٩)، کاتێک یەکەم سەنتەری ئینتەرنێت لەڕێی کۆمپانیای (Kurdistan net) کرایەوە، کە لە سلێمانی و دەوروبەری خزمەتگوزارییەکانی پەخش کرد، ئەم دواکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و ئابوری کە ناوچەکە پیایدا تێپەڕبوو، ئامانجی یەکەمیش لە هێنانی ئینتەرنێت بریتی بوو لە پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە (عبدالرحمن، ٢٠٠٤: ٦٦).

لە ماوەی (٣) ساڵدا ژمارەی سەنتەرو کافێکان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە زیادیان کرد، بە پێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵی (٢٠٠٢) ئەنجام درابوو دەرکەوت سەنتەر و کافێکان کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان پێشکەش دەکرد بەم شێوەیە بوون (أسعد، ٢٠٠٢: ١٥٦):-

- ژمارەی سەنتەرەکان: (١٦) سەنتەر و کافێ.
- کاتی دامەزراندن: (١٩٩٩ – ٢٠٠٢).
- ژمارەی کۆمپیوتەری بەکارهێنراو: (١٩٣).
- ژمارەی بەکارهێنەرانی لە ڕۆژێکدا: (١١٣٨).
- نرخی یەک سەعات بەکارهێنان: (٥ – ١٨) دینار.
- ژمارەی فەرمانبەران: (٦٢).

لە ساڵی (٢٠٠٩) بەکارهێنانی ئینتەرنێت قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی بە بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەنجان بە گشتی و گەنجانی زانکۆ بە تایبەتی، هۆکاری ئەو فراوان بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانی نرخ و زۆربوونی سەنتەرەکان و فراوان بوونی پێگەکان، کە بوونە پێویستیەکی سەرەکی لە ژیانی گەنجاندا.

## ٣-١-٢: سەرهەڵدانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی:

هەموو مرۆڤێک تۆڕێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە پێش پەیدابوونی ئینتەرنێت و پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەڵام تەکنۆلۆژیا ئەم ڕایەڵەیەی فراوان کردو لەڕێی خزمەتگوزارییەکانیەوە تۆڕێکی فراوانی لە نێوان ئەو کەسانە دروست کرد کەخاڵی هاوبەشیان هەیەو کاری پێکەوەیی کۆی کردوونەتەوەو دەتوانن بیروراو بەها و چالاکی ڕووداوەکان لەڕێی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە ئاڵوگۆڕ بکەن، بەمەش کاریگەریان لەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگاو حکومەت و بوارەکانی ژیان زیاتر دەبێت (مشري، ٢٠١٢: ١٥٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**نەخشەی (٢) ساڵی دروست بوونی بەناوبانگترین پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی**




## – بەناوبانگترین پێگە جیهانیەکان:-

١- (SixDegrees):- ئەم ماڵپەڕە ساڵی (١٩٩٧) لە شاری نیویۆرک دامەزرا، بە یەکەم پێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، ساڵی یەکەم ماڵپەڕەکە ڕێگەی دەدا بە ئەندامەکانی فایلی یەکترناسین دروست بکەن و قسەو نوسین بگۆڕنەوە، ساڵی (١٩٩٨) خزمەتگوزاری گەڕان بەدوای هاوڕێی نوێی زیاد کرد، بەڵام لەو کاتەدا حەزی گەڕان بەدوای ناسینی هاوڕێی نەناسراو لای خەڵکی کەم بوو، هەرچەندە ئەم پێگەیە نزیکەی (٣,٥) ملیۆن کەسی لە خۆی کۆکردەوە، بەڵام شکستی هێنا لەوەی بیکاتە کارێکی بەردەوام و لە ساڵی (٢٠٠١) خزمەتگوزاریەکە داخرا (boyd, 2008: 215).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

٢- (Friendster):- ساڵی (٢٠٠٢) لەشاری سان فرانسیسکۆ سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزرا، ئامانج لێی گەڕان بەدوای هاوڕێی نوێ و هێشتنەوەی پەیوەندیی بوو لەگەڵ کۆنەکاندا، بێجگە لەوەش بەکاردەهات بۆ دۆزینەوەی هیوایەت وبراند و گەڕان بە دوای ڕوداو و پەیوەست بوون بە تۆڕی ئینتەرنیتەوە، سەرەتا زیاتر لە (١٠) ملیۆن کەسی تۆمارکراوی هەبوو، بەڵام بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەکانی لەبەرامبەر ماڵپەرە نوێیەکانی تردا فرۆشرا بە کۆمپانیایەکی مالیزی و ئەویش بەرەو ئاڕاستەی یارییە ئەلکترۆنیەکانی برد، پاشان لە ساڵی (٢٠١٥) خزمەتگوزارییەکانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکەی ڕاگرت (Fadhli, 2018, p. 57)، دواتر لە ساڵی (٢٠١٨) سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تری هەڵپەسارد و تا ئێستاش هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە (Wikipedia, Friendster, 2019).

٣- (LinkedIn):- ساڵی (٢٠٠٢) لە شاری ماونتن ڤیو سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دروست کرا، تایبەتمەندی لەوەدا بوو خاوەن پیشەکان لێی کۆبوونەوە، کە بەکاریان دەهینا بۆ دۆزینەوەو دروست کردنی پردی پەیوەندی نێوانیان، لە ساڵی (٢٠١٦) کۆمپانیای Microsoft هەموو پشکەکانی کڕیەوەو بەردەوامیدا بە خزمەتگوزارییەکانی، لە سەرەتای مانگی دووی ساڵی (٢٠١٩) بەشداربووەکانی گەیشتە (٦٣٠) ملیۆن کەس (Wikipedia, LinkedIn, 2019).

٤- (MySpace):- ساڵی (٢٠٠٣) لە شاری سانتامونیکا سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزراوە، هەر لە سەرەتاوە ماڵپەرێکی کۆمەڵایەتی بووەو ئەندامان توانای گۆڕینەوەی نامەو ڤیدیۆو وێنەو فایل و .... هتد هەبوو، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥) تا (٢٠٠٨) پێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی ژمارە یەک بوو لەسەر ئاستی جیهان کە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن بەشداربووی هەبوو، بەڵام بەهۆی گەورەبوونی Facebook ئەو پێشەنگییەی لەدەستدا، لەساڵی (٢٠١٩) بەشداربووەکانی گەیشتە نزیکەی (٥٠،٦) ملیۆن کەس (Allgaier, 2018).

٥- (Hi5):- ساڵی (٢٠٠٣) لە شاری سان فرانسیسکۆ سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزرا، ساڵی (٢٠١١) ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە (٢٣٠) ملیۆن کەس و هەر لەو ساڵەدا فرۆشرا بە پێگەی کۆمەڵایەتی (Tagged) و ئەویش ئەندامەکانی خستە لای بەشداربووەکانی خۆی و چالاکیەکانی بەو ناوەوە درێژەپێدا (Wang, 2011).

٦- (Facebook):- ساڵی (٢٠٠٤) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لەسەر دەستی مارک زوکربیرگ و هاوڕێکانی دامەزرا و تا ساڵی (٢٠٠٦) تایبەت بوو بە خوێندکارانی زانکۆ، بەڵام دوای ئەو کاتە خزمەتگوزارییەکانی فراوان بوو ( Linke, 2015: 4)، لە ساڵی (٢٠١٠) ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە (٥٠٠) ملیۆن کەس و لەو کاتەوە پێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ژمارە یەکە لە زۆری ژمارەی بەکارهێنەرانیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی بەکارهێنەرانی لە گەنجان بوو، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خزمەتگوزاری بۆ زیاد دەکرا، لە (٢٠١٩/٩/٣٠) ژمارەی فەرمانبەرە فول تایمەکانی گەیشتە (٤٥٨٠٣) کەس و بەکارهێنەرانی گەیشتە (٢,٤٥) ملیار کەس (Schroepfer, 2019).

٧- (Tagged):- ساڵی (٢٠٠٤) لە شاری سان فرانسیسکۆ سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزرا، لە ساڵی (٢٠٠٦) ەوە ڕێگەی دەدا بە منداڵانی خوار تەمەن (١٨) ساڵ کە ببنە ئەندام و ئەکاونتی خۆیان هەبێت تا ساڵی (٢٠١١)، بەڵام دوای ئەو بەروارە تەنها (١٨) ساڵ بەرەو سەرەوە وەردەگرێت، هەر لەو ساڵەدا ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە (١٠٠) ملیۆن کەس، دواتر بەپێی ڕێکەوتنێک (٢٣٠) ملیۆن ئەندامی (Hi5) خستە لای بەشداربووەکانی خۆی و لە مانگی (٢) ی (٢٠١٩) بەشداربووەکانی گەیشتە (٣٠٠) ملیۆن کەس (Wang, 2011).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

٨- (YouTube):- ساڵی (٢٠٠٥) لەشاری سان برنو سەر بە ویلایەتی كالیفۆرنیا دروست كرا، هەر لە سەرەتاوە تایبەت بوو بە پەخش كردنی ڤیدیۆ و مۆزیک و(TV)، لە ساڵی (٢٠٠٦) (Google) ماڵپەڕەكەی كڕی بە (١،٦٥) ملیار دۆلار، لە ساڵی (٢٠١٩) ژمارەی ئەوانەی حسابیان هەیە لە (YouTube) گەیشتە (٥٠) ملیۆن كەس، هەروەها بەكارهێنەرانی لە یەک ملیار تێپەڕی كردووە (Aslam, 2019).

٩- (reddit):- ساڵی (٢٠٠٥) لە شاری سان فرانسیسكۆ سەر بە ویلایەتی كالیفۆرنیا دامەزرا، (٧٤٪) ی بەكارهێنەرانی كوڕان بوون و ناسرا بوو بە ئەنجامدەری هەڵمەتی پاڵپشتی كاری خێرخوازی و كۆكردنەوەی بەخشین بۆ زیان لێكەوتووانی ڕوداوە سروشتیەكان، بەشداربووانی لە كۆتایی (٢٠١٨) گەیشتە (٣٣٠) ملیۆن كەس (reddit, 2019).

١٠- (Twitter):- ساڵی (٢٠٠٦) لە شاری سان فرانسیسكۆ سەر بە ویلایەتی كالیفۆرنیا دامەزرا، هێمای بولبولی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و وشەی چریكە (Tweets)ی لە نوسینی بەشداربووەكانی ناوە، ئەم ماڵپەڕە ڕێگەی خۆش كرد بۆ نوسینی كورتە هەواڵ، لە ساڵی (٢٠٠٨) دەست پێشخەری هەبوو لە بڵاوكردنەوەی ئاگركەوتنەوەكەی كالیفۆرنیا و هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكەی ئەمریكا، بە هەمان شێوەش لە ساڵی (٢٠٠٩) بەشداربوو لە دروستكردنی ناڕەزایەتیە گەورەكانی ئێران، بەوەش ناوبانگێكی زۆری پەیدا كرد و لە ئێستادا یەكێكە لە سەرچاوە سەرەكیەكانی هەواڵ لە جیهاندا (Bellin, 2012: 337)، لە مانگی (٢) ی (٢٠١٩) بەكارهێنەرانی گەیشتە (٣٢١) ملیۆن كەس (Wikipedia, Twitter, 2019).

١١- (ibibo):- ساڵی (٢٠٠٧) لە شاری گورگان سەر بە هەرێمی هاریانا لە هندستان دروست كرا، تا ساڵی (٢٠٠٩) وەكو پێگەیەكی پەیوەندی كۆمەڵایەتی كاری دەكرد، دواتر بەشی بازرگانی ئەلكترۆنی زیاد كرد وەک خزمەتگوزاری هۆتێل و پاس و تەكسی و كڕین و فرۆشتن و بانک، بەڵام تا ساڵی (٢٠١٩) چالاكیەكانی هەر لە هندستاندا گەشەی كردووە و ژمارەی بەشداربووانی دیار نیە (wikipedia, 2019).

١٢- (Tumblr):- ساڵی (٢٠٠٧) لە شاری نیویۆرک دامەزرا، سیاسەتی ئاسان بەكارهێنانی پیادە كرد، بەو هۆیەوە بەردەوام ژمارەی بەكارهێنەرانی لە زیادبووندا بوو، ساڵی (٢٠١٣) كۆمپانیای (yahoo) بە بڕی (١,١) ملیار دۆلار (Tumblr) كڕی، لە ساڵی (٢٠١٨) بەشداربووەكانی گەیشتە (٥٠٠) ملیۆن كەس، لەساڵی (٢٠١٩) جارێكی تر فرۆشرا بە كۆمپانیای (Automattic) بەهۆی ئەو گۆڕانكارییانەوە ژمارەی بەشداربووەكانی دابەزی بۆ (٤٠٠) ملیۆن كەس (Wikipedia, Tumblr, 2019).

١٣- (Bharatstudent):- ساڵی (٢٠٠٨) لە شاری بەنگەلۆری هندستان دامەزرا، ئەم پێگە كۆمەڵایەتییە هەموو گەنجە هندییەكان لە جیهاندا بەیەكەوە دەبەستێتەوە و خزمەتگوزاری جۆراو جۆریان پێشكەش دەكات، بە تایبەتی هەلی خوێندن و هەلی كار، نزیكەی (٥٠٠) فەرمانبەر كاری تیا دەكات، بەڵام بە فەرمی ژمارەی بەكارهێنەرانی ئاشكرا نەكراوە (bharatstudent, 2019).

١٤- (WhatsApp):- ساڵی (٢٠٠٩) لە شاری سانتا كلارا سەر بە ویلایەتی كالیفۆرنیا دامەزراوە، هۆكارێكی پەیوەندی خێرایەو لەسەر هەموو جۆرە مۆبایل و ئایپادێک دادەبەزێت، لە ساڵی (٢٠١٤) بە بڕی (١٧) ملیار دۆلار فرۆشرا بە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

(facebook)، بەڵام بەردەوام بوو لە کار و خزمەتگوزارییەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ، لە مانگی (١٠) ی (٢٠١٩) ژمارەی بەکارهێنەرانی لە (١٨٠) وڵاتی جیاوازدا گەیشتە زیاتر لە یەک ملیار کەس (WhatsApp.com, 2019).

١٥- (Instagram):- ساڵی (٢٠١٠) لە شاری سان فرانسیسکۆ سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزرا، لە مانگی ئایاری (٢٠١٢) فرۆشرا بە کۆمپانیای (Facebook) بە بڕی یەک ملیار دۆلار، لە (٢٠) ی حوزەیرانی (٢٠١٨) ژمارەی بەکارهێنەرانی یەک ملیاری تێپەڕاند و لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) ژمارەی فەرمانبەرەکانی گەیشتە (١٠٦٩٣) کەس (Facebook, 2019).

١٦- (Pinterest):- ساڵی (٢٠١٠) لە شاری بالو ئالتو سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزرا، بە (٢٧) زمان بەشداربوو دەتوانێت بەشداربێت، لە مانگی ئابی (٢٠١٩) ژمارەی بەشداربووانی (٣٠٠) ملیۆن کەسی تێپەڕاند (Alexa, 2019).

١٧- (Snapchat):- لە (٨) ی تەموزی (٢٠١١) و لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دروست کرا، لە تایبەتمەندییەکانی بریتیە لە کارکردن لەسەر وێنە و ڤیدیۆ و چاویلکەی زیرەک بە شێوەیەکی جیاواز، هەرچەندە ساڵی (٢٠١٣) کۆمپانیای facebook بڕی (٣) ملیار دۆلاری پێشکەش کرد و کۆمپانیای Google بڕی (٤) ملیار دۆلاری پێشکەش کرد بۆ ئەوەی لێیان بکڕن، بەڵام (Evan Spiegel) ی خاوەنی ڕازی نەبوو پێیان بفرۆشێت، چونکە پێی وابوو بەردەوام نرخی بەرز دەبێتەوەو دەتوانن کێبەرکێی خۆیان بکەن، لە کۆتایی تشرینی یەکەمی (٢٠١٩) بەشداربووی ڕۆژانەی گەیشتە (٢١٠) ملیۆن کەس (SnapInc, 2019).

١٨- (Google plus):- ساڵی (٢٠١١) لە شاری ماونتن ڤیو سەر بە کەرتی سانتا کلارای ویلایەتی کالیفۆرنیا لەسەر دەستی کۆمپانیای (Google) دروست کرا، ساڵی (٢٠١٦) ژمارەی بەکارهێنەرانی لە (١٠٠) هەزار کەس زیاتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو توانا مادی و مەعنەویانەی هەیانبوو نەیتوانی کێبەڕکێی Facebook و Twitter و ئەوانی تر بکات، ناچار لە مانگی نۆڤیمبەری (٢٠١٨) بڕیاری دا کە لە مانگی مایۆی (٢٠١٩) بڕیاری داخستنی ئەو بەشەیان دا کە تایبەت بوو بە پێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی کەسیی (Thacker, 2018).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

نەخشەی (٣) بەناوبانگترین پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (توێژەر)

| ژ | ناو | ساڵی دامەزراندن | شوێنی دامەزراندن | | ژ . بەکارهێنەران بە ملیۆن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | شار یان ویلایەت | وڵات | | |
| ١ | SixDegrees | ١٩٩٧ | نیویۆرک | USA | ٣,٥ | ٢٠٠١ داخرا |
| ٢ | Friendster | ٢٠٠٢ | كالیفۆرنیا | USA | ١٠ | ٢٠١٥ راگیرا |
| ٣ | LinkedIn | ٢٠٠٢ | كالیفۆرنیا | USA | ٦٣٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ٤ | MySpace | ٢٠٠٣ | كالیفۆرنیا | USA | ٥٠٠٦ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ٥ | Hi5 | ٢٠٠٣ | كالیفۆرنیا | USA | ٢٣٠ | ٢٠١١ فرۆشرا |
| ٦ | Facebook | ٢٠٠٤ | كالیفۆرنیا | USA | ٢٤٥٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ٧ | Tagged | ٢٠٠٤ | كالیفۆرنیا | USA | ٣٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ٨ | YouTube | ٢٠٠٥ | كالیفۆرنیا | USA | ١٠٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ٩ | reddit | ٢٠٠٥ | كالیفۆرنیا | USA | ٣٣٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٠ | Twitter | ٢٠٠٦ | كالیفۆرنیا | USA | ٣٢١ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١١ | Ibibo | ٢٠٠٧ | گورگان | هندستان | دیار نیە | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٢ | Tumblr | ٢٠٠٧ | نیویۆرک | USA | ٤٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٣ | Bharatstudent | ٢٠٠٨ | بەنگەلۆر | هندستان | دیار نیە | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٤ | WhatsApp | ٢٠٠٩ | كالیفۆرنیا | USA | ١٠٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٥ | Instagram | ٢٠١٠ | كالیفۆرنیا | USA | ١٠٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٦ | Pinterest | ٢٠١٠ | كالیفۆرنیا | USA | ٣٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٧ | Snapchat | ٢٠١١ | كالیفۆرنیا | USA | ٢١٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |
| ١٨ | Google plus | ٢٠١١ | كالیفۆرنیا | USA | ١٠٠ | ٢٠١٩ بەردەوامە |

به پێی

خشتەی ژمارە (٣) دەرکەوتووە لە کۆی (١٨) پێگەی جیهانی بەناوبانگ (١٦) دانەیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵداوە، لەو ژمارەیەش (١٣) دانەیان لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بوون، (Facebook) هەرچەندە لەوێ دروست نەبووە بەڵام دواتر بنکەی سەرەکی بردۆتە کالیفۆرنیا، تەنها دوو لەو پێگانە لە وڵاتی هندستان دروست بوون ئەوانیش زۆرینەی بەشداربووانیان تەنها لە هندستانە، هۆکاری چڕبوونەوەی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتیە لە:-

أ- کالیفۆرنیا بە سەرچاوەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی دادەنرێت و ژمارەیەکی زۆر لە زانایان و زانکۆ و سەنتەری توێژینەوەی ئەو بوارەی لێیە.

ب- سەرەتای سەرهەڵدانی ئینتەرنێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە، ئەوەش وای کردووە دەرهاویشتەکانی دواتریشی هەر لەوێ سەرهەڵبدات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

ج- ئەنجامی ئەم خشتەیە دەری دەخات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گرنگی زۆر بە ئینتەرنێت و پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەدات، لەڕووی سیاسیەوە جۆرێکی ترە لە زاڵکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر جیهاندا.

د- ئەم پێگانە داهاتێکی زەبەلاح لەسەرجەم وڵاتانی دنیاوە پەیدا دەکەن و دەهێننەوە بانکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، واتا وەکو سەرچاوەیەکی داهات تەماشای دەکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی ساڵی (٢٠١٩) شەش لە کۆمپانیا تەکنۆلۆژیەکان لە ڕیزبەندی (١٠) کۆمپانیا پڕ داهاتەکەی جیهان ناویان هات.


## باسی سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی:

لەگەڵ دەرکەوتنی نەوەی (Web 2.0)، ئینتەرنێت لە شێوازە کلاسیکیەکەیەوە کە تەنها بریتی بوو لە پەخش کردنی زانیاری چووە قۆناغی کاریگەری هەمە لایەنە، پێشتر تەنها ئەوەی ماڵپەڕی هەبوو پەخشی زانیاری دەکرد، بەڵام لە ئێستادا هەمووان بە ئاسانترین شێوە دەتوانن دەنگ و ڕەنگی خۆیان بگەیەنن و ئەم گۆڕانکارییە نەک تەنها لە جیهانی ئینتەرنێت بەڵکو قۆناغێکی نوێی لە سیستمی جیهانیدا دروست کرد (Hosch, 2019).

کاتێک باسی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکەین دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنی یەکەم کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە، دووەمیان ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیا دەگرێتەوە، لەڕووە کۆمەڵایەتیەکەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی بریتیە لە کۆمەڵێک پەیوەندی لە نێوان کەسان و گروپەکاندا و لەوانەیە تەنیا پەیوەندی هاوڕێیەتی، هاوکاری، بەڵگەو داتاکان، فەرمی و نافەرمی، مادی یان مەعنەوی بێت، کەواتە لە ڕووی سۆسیۆلۆژیەوە پێکهاتووە لە کەسەکان، جۆری پەیوەندییەکان، شێوازی نزیکایەتی و ژینگەی چوار دەوریان، بەڵام لە ڕووی تەکنۆلۆژیاوە بریتیە لە کۆمەڵێک ئامێری بەیەکەوە بەستراو بەکاردێت بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، جا بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بێت یان مۆبایل کە پەیوەستن بە ئینتەرنێت و کەسەکان بە ئاسانی دەتوانن بەکاری بێنن و هەزارەها و ملیۆنەها کەس لە دەوری باس و ڕووداوەکان کۆبکاتەوە (مشري، ٢٠١٢: ١٥١)، بە لێکدانی ئەم دوو بەشە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بوون، کە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە ئەلکترۆنیەکان ناو دەبرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

نەخشەی ژمارە (٤) بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە جیهاندا (Kemp, 2019)




نەخشەی ژمارە (٥)

بەکارهێنانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا (Kemp, 2019)




لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٨) لە جیهاندا (٤،٠٢١) ملیار کەس ئینتەرنێت بەکارهێنا و لەو ژمارەیەش نزیکەی (٣) ملیاری پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن و ژمارەکەش زۆر بەخێرایی لە زیادبووندایە (Kemp, 2019).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## تایبەتمەندییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:-

١- سەرەتای داخڵ بوون:- پێگەکە لاپەڕەیەک دەدات بە بەکارهێنەرەکە، بۆ ئەوەی زانیارییەکانی خۆی تیادا دابنێت و بەردەوامیش گەشەی پێبدات لە ڕێگەی نوسین و وێنەو کۆمێنت و ڤیدیۆ و مۆزیک و .... هتد (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١)، هەموو بەکارهێنەرێکیش دەتوانێت لاپەڕەکەی دەوڵەمەند بکات بە زانیاری تایبەت بە خۆی وەک (حەزەکان، جلوبەرگ، وەرزش، مۆزیک)، یان تایبەت بێت بە کلتورەکەیەوە (زمان، ئاین، دابونەریت)، هەروەها پەیوەست بە نیشتمانەکەیەوە (وێنە، نەخشە، بەڵگەو پاشماوەی مێژوویی)، کە دەیەوێت بیگەیەنیت بە بەرامبەرەکەی (مشري، ٢٠١٢: ١٥٧).

٢- کۆمەڵگایەکی گریمانەیی:- پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ئێستادا کۆمەڵگایەکی گریمانەیی (Virtual Community) دروست کردووە کە هەمووان لە ناویدا بەشێوەی گروپ و دەستەی بچوک و گەورە پەیوەندی بەردەوامیان هەیەو چالاکیەکانی ژیانیان لە ناویدا ڕێکخستووە، سەرەڕای ئەوەش کەسەکان دەتوانن پەیوەندی هاوڕێیەتی پێکبهێنن وبیروڕاو بابەتەکان بگۆڕنەوە، هەروەک کۆمەڵگایەکی بەرجەستەی ڕاستەقینە (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١).

٣- پەیوەندی بەردەوام بەجیاوازی کات:- کرداری پەیوەندی گرتن پێویستی بە یەک کاتی نیە لە نێوان نێرەرو وەرگردا، واتا هەر کات کەسێک ویستی دەتوانێت (نامە، وێنە، زانیاری، ..... هتد) بنێرێت بۆ کەسی دووەم و ئەویش هەرکات ویستی بەهەمان شێوە وەڵامی دەداتەوەو پەیوەندییەکە دروست دەبێت بەبێ ئەوەی یەک بگرن لە کاتێکی دیاریکراودا (مشري، ٢٠١٢: ١٥٨).

٤- زیندوویەتی و کاریگەری دوو سەرە:- خاڵی گرنگی پێدان هەردوولا کۆدەکاتەوە وەک بواری سیاسەت و مۆزیک، کار و پیشە (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١)، بەشێوازێک و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە کەسەکان لەگەڵ خاوەن هیوایەتە هاوبەشەکان ژمارەی مۆبایل و ئیمەیل و زانیارییە تایبەتیەکانیان دەگۆڕنەوەو پردی پەیوەندی لەگەڵ یەک دروست دەکەن (مشري، ٢٠١٢: ١٥٨).

٥- جۆراوجۆری هۆکارەکان:- هۆکار و شێوازی جیاواز و جۆراو جۆر بەکاردێنن لە پەخشکردنی خزمەتگوزاریەکان، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەس وکارو تایبەتمەندییەکانیاندا بگونجێت (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١).

٦- جوڵەو شوێن:- هۆکارەکانی وەک لاپتۆپ، مۆبایل، کامێرای ڤیدیۆ دەتوانرێت بگوازرێتەوە بە حەزی بەکارهێنەرەکەی و لەو شوێنەدا کاری پێبکرێت کە بەکارهێنەرەکە ئارەزووی دەکات (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١).

٧- دەوڵەتێکی گریمانەیی:- بەمەبەستی تۆمارکردن لە یەکێک لە کەناڵەکانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێویستە ئەندامی نوێ ناو و ژمارەیەکی نهێنی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی داخڵ ببێت، کە ئەوە وەک ناسنامەیەکی ئەندامەکە وایە، پاشان دەبێت ڕەزامەندی لەسەر مەرجەکان دەرببڕێت بۆ ئەوەی ئەندامێتیەکەی وەربگیرێت، دوای ئەوە پانتاییەکی پێ دەدرێت تا چالاکیەکانی خۆی تیا ئەنجام بدات، دواتر بە تەواوی ئازادی دەتوانێت کارەکانی پەخش بکات، بەڵام ئەگەر پابەند نەبوو بە مەرج و ڕێنماییەکان لەوانەیە توشی سزادان و وەستاندنی چالاکی و سڕینەوەی ئەکاونتەکەی ببێت،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

لەم حاڵەتەدا ماڵپەڕەكان لە دەوڵەتێكی گریمانەیی دەچن، كە سەرۆک و سەرپەرشتیاری وڵات و شارەكانی هەیە و دەسەڵاتی تەواویان هەیە بەسەر ئەندامەكانیاندا (مشري، ٢٠١٢: ١٥٨).

٨- توانای گۆڕان:- پەیوەندی ژمارەیی ڕێگای خۆش كردووە بۆ ئەوەی ئاماژە بیستراوەكان بگۆڕێت بۆ نوسین و وێنە، و بە پێچەوانەشەوە (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١)، واتا دەتوانرێت ڕێگای كورت كردنەوەو ئاسان كردن بەكاربهێنرێت بۆ گەیاندنی پەیامی كەسەكان، بۆ نموونە ئیمۆجیەک دەتوانێت گوزارشت لە دەیەها وشە و وێنەیەک لەبەرامبەر هەزار وشەدا واتا بدات.

٩- توانای پەیوەندی گرتن:- بە واتای هەموو جۆرە ئامێرێک دەتوانرێت بەكاربهێنرێت بۆ پەیوەندیی دەنگی و ڤیدیۆیی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو كۆمپانیایەی دروستی كردووە (نورالهدی، ٢٠١٤: ٢١).

لەسەرەتادا پێگەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی بۆ پەیوەندی كردن بە كەسانی دەوروبەر و پاراستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتیەكان دروست كرا، بەڵام دواتر خزمەتگوزارییەكان زیادبوو سەرجەم بوارەكانی گرتەوە، وەک هەڵبژاردن و سیاسەت، كارو بزنس، خۆشی و كات بەسەربردن، بەدەست هێنانی زانست و زانیاری، كاری ڕێكخراوەیی و خێرخوازی، .... هتد. بە شێوازێک خەریكە هیچ بوارێک نامێنێت پێگەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتیی نەچوبێتە ناوی وكاری تیا نەكات، بەشێک لەو سیستمە نوێیە بریتیە لە شێوازی پەیوەندی كردن، لە سیفاتی ئەم پەیوەندییەش (دوو سەر، كارتێكەر، وێنەو ڤیدیۆ، ناردنی فایل، دروست كردنی گروپ، هەرزان لە نرخ، .....هتد) بەجۆرێک بووەتە بەشێكی دانەبڕاو لە ژیانی كەسەكان و بەشێوەیەكی (Online) هەموو پێداویستیەكانی ژیانی بەردەست كردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی چوارەم: پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی (Socialization):

پێگەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە ئێستادا بووەتە یەكێك لە سەرچاوە سەرەكیەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی، هەروەها بووەتە هاوبەشیكاری خێزان و دامەزراوە پەروەردەییەكان لە بونیادنانی تاك و كۆمەڵگادا، لەبەر ئەوە لێرەدا ئاماژە بەو گۆڕانكارییانە دەكەین كە پێگەكانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە كلتورو دابونەریت و هەڵسوكەوتی تاكەكاندا دروستی كردووە، لە ڕێی تیشك خستنەسەر پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی كلاسیكی و پێگەیاندنی ئەلكترۆنی لەسەردەمی فراوان بوونی بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیادا.

سەبارەت بە كاتی دەستپێكردنی ئەو پرۆسەیە زانایان دوو ڕایان هەیە:-

گدنز دەڵێت:- پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی بە دوو قۆناغی پان و بەریندا دەڕوات، یەكەمیان بریتییە لە قۆناغی شیرەخۆری و منداڵی كە تیایدا منداڵ فێری زمان و بنەما سەرەكیەكانی هەڵسوكەوت دەبێت كە دەبێتە بنەمای فێركردن و فێربوون لە داهاتوودا، لێرەدا خێزان كاراكتەری سەرەكی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتییە، بەڵام لە قۆناغی پێگەیاندنی لاوەكیدا دوای تەمەنی منداڵی تا تەمەنی پێگەیشتن دامەزراوەكانی تر دەبنە یارمەتیدەری خێزان، وەكو قوتابخانە، گروپی هاوڕێیان، هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی، هەتا دەگاتە شوێنی كاركردن، ئەمانە هەموو بەشداری دەكەن لە چاندنی بەهاو بنەما و بیروباوەڕ لە كەسەكاندا ، بۆ دیاریكردنی دواكاتی پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی، گدنز دەڵێت تا تەمەنی پێگەیشتن بەردەوامی دەبێت (غدنز، ٢٠٠٥: ٨٨-٨٩)، بە جیاوازی ئەو (Gould) بۆچوونێكی تری هەیە كە دەڵێت شێوازێكی فێربوونی كۆمەڵایەتیە، لەو كاتەوە دەست پێدەكات كە تاك تێكەڵاوی ئەوانی تر دەبێت و بەدرێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی هەر قۆناغێك پێویستی بە زانیاری و شارەزایی و لێهاتوویی خۆی هەیە (Gould, 2011: 80).

پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی ئەگەر بە شێوەی مەبەستدار یان بێ مەبەست ئەنجام بدرێت، لەڕێی دامەزراوە پەروەردەییەكان، خێزان، پەرستگا، هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە بێت، بە جیاوازی ژینگەی سروشتی و كۆمەڵایەتیەكانەوە، كۆمەڵێك ئامانجی سەرەكیان هەیە كە بریتین لە (طربیه، ٢٠١١: ١٠٧-١٠٩):-

١- گونجاندنی هەڵسوكەوتی تاك بۆ ئەوەی بیكاتە بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی و لەو ڕێیەوە پێویستیە كۆمەڵایەتیەكانی بۆ دابین بكات وەك (زمان و واتاكان، دابونەریت، خۆشەویستی ورق، شێوازی خواردن و خواردنەوە، .... هەموو شێوازەكانی تری هەڵسوكەوت).

٢- یەكخستنی شێوازی ڕۆشنبیری و بەها كۆمەڵایەتیەكان لەناو گەنجان و تازە پێگەیشتواندا بەو سیستمەی كە كۆمەڵگا پێی ڕازییە و ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی گونجانی كۆمەڵایەتی.

٣- ڕێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاكی بە كۆمەڵ و ڕێككەوتن لەسەر پێوانە كۆمەڵایەتیەكان بۆ هەڵسوكەوت و كردەوەی تاكەكان.

٤- فێربوونی ڕۆڵ و پێگە كۆمەڵایەتیەكان لەڕێگەی گەشەكردن و ژیانی ناو كۆمەڵگاوە تاك هەست بە ڕۆڵە جیاوازەكان دەكات بە پێی تەمەن و ڕەگەز و پیشە جیاوازەكان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

٥- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بەخشینی لێهاتوویی پێویست بە تازە پێگەیشتووان بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن.

پاشان ئامانجی کۆتایی بریتیە لە گەیاندنی کلتور بە نەوەی نوێ، بەو پێیەی کلتور بریتیە لە کۆکراوەی ئەفکار و بیروباوەڕو دابونەریت و ڕەوشت کە گەلێک خاوەنێتی و بە درێژایی مێژوویەک کۆی کردۆتەوەو پێی ناسراوە، لە ئێستادا شۆڕشی زانیاری و ئینتەرنێت بەشێکی گرنگی ئەم کلتورەی پێکهێناوەو گەنجان زۆرترین پشکیان لەو بەرهەمە نوێیە بەرکەوتووە کە ناسراوە بە ئاڕاستەی نوێ گەرایی، ئەمەش لە هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و قسەکردن و قژ داهێنان دا بە ئاشکرا دەبینرێت (مشري، ٢٠١٢: ١٦٠).

لە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دوای ئەوەی گروپەکان دروست دەبن، کەسەکان بۆ یەکتری دەگەڕێن و ئاسۆیەکی ڕوون و سەربەخۆ بۆ خۆیان دەدۆزنەوە وەک (یاریکردن، کاتی خۆش بەسەربردن، کاروپیشە)، ئاسۆیەک کە تاک هەست بە بوونی خۆی بکات و جێی گرنگی پێدانی گروپەکەشی بێت، ئەمە پێی دەوترێت تاک گەرایی ژمارەیی لەناو تۆڕەکەدا، کە هەست بە خۆشی کۆمەڵایەتی بوون دەکات (مشري، ٢٠١٢: ١٥٢).

پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە بنەما کۆمەڵایەتیەکان کردووەو جۆرێک لە ڕۆشنبیری پێکهێناوە ناسراوە بە (کلتوری دۆت کۆم) کە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە (مشري، ٢٠١٢: ١٦٢-١٦٣):-

- ئاوا بوونی خۆری دامەزراوە کلاسیکیەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە گشتی و هۆشیاری سیاسی بە تایبەتی.
- دروست بوونی زمانێکی تێکەڵە لە وشەی زمانە جیهانیەکان.
- لاوازبوونی ڕۆڵی کتێبی وەرەقی کە پێشتر سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕۆشنبیری گەنجان بوو، ئەمەش خانەکانی چاپی ناچارکردووە چاپی ئەلکترۆنی پەخش بکەن.
- زیادکردنی بۆشایی کلتوری لە نێوان گەنجان و بەتەمەنەکاندا سەبارەت بە کرانەوەو پارێزگاربوون.
- بەشداری زیاتری گەنجان لە پێکهێنانی بڕیاری سیاسی، لە ڕێی دروست کرنی فشار لەسەر دەسەڵات.

یەکێکی تر لەو کاریگەرییانەی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەجێی دەهێڵێت بریتیە لە دیاردەی ئالوودەبوون لەسەر بەکارهێنانی پێگەکان، بۆ ئەوەش پێگەکان بەم شێوازەی خوارەوە کار دەکەن:-

أ- بەردەوام بوون لە بەکارهێنان دروشمیانە بۆ ئەوەی بەشداربوو لەسەر هێڵ بمێنێتەوەو تا زیاتریش بەکاری بهێنێت زیاتر پێویستت پێی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا سنور و پێوانەیەکی بابەتی نیە بۆ تێربوون، وەکو مادە هۆشبەرەکان وایە تا زیاتر بەکاری بێنیت زیاتر هەست بە پێویستی دەکەیت، پێگەکانیش خۆیان کار بەم لۆژیکە دەکەن بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بەکارهێنەرانی زیاتر لەسەر خەت بمێننەوە.

ب- کاڵا بەرجەستەکان تەنها یەک جار دەتوانرێت بدرێت بە کڕیارەکان و بفرۆشرێت، بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەو کاڵایەی پێگەکان دەیدەن بە بەکارهێنەرانیان مەعنەوین و دەتوانن هەمان بابەت بدەن بە ملیۆنەها کەسی تر، ئەمەش وا دەکات تێچوویان کەم و قازانجیان زۆر بێت و کەسەکان وەکو بزنس بەکاری بهێنن.

قسەکردن بە کۆمپیوتەر و مۆبایل لە ڕێی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەوە هەستی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ بوونی کەسانی تر لای تاک دروست دەکات، لەو جۆرە هەستەی کە کەسێک حەز دەکات ئێواران لە یانەو قاوەخانەکاندا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

لەگەڵ هاوڕێکانی کۆببێتەوە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆدا، بێجگە لەوەش بواری ئەلکترۆنی ژمارەیی گۆڕەپانی گەشەی ناسنامەی تاکە، تیایدا دەمێنێتەوەو گەشەدەکات، پاشان دەناسرێت و دەبێتە خاوەنی کەسێتی و پێگەی خۆی (مشري، ٢٠١٢: ١٥٢).

لەبەر ئەو کاریگەرییە زۆرەی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستیان کردووە، بوون بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی زانیاری و دواجاریش بوون بە ئاڕاستەکاری حەزو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە، بەتایبەتی لای گەنجان، بەوەش کاری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن و دوور نیە لە داهاتوودا ببێتە کاریگەرترین سەرچاوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

## باسی پێنجەم: پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

### و هۆشیاری سیاسی (Political Awareness):

پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە ڕواڵەتە نوێیەکانی ئاسایی بوونەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەنرێت و هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی تاکەکان بە تایبەتی گەنجان بۆ ناو پرۆسەی سیاسی، سەرەڕای بەشداری پێکردنی گروپە دوورە دەستەکان، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی ڕاکێشانی منداڵانە بۆ ناو سیاسەت، کە پێشتر سیاسەت لە دوورو نزیک سەرنجی ڕانەکێشاون (موسى، ٢٠٠٩: ٤٩)، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی هۆشیاری سیاسی لە ژێر کاریگەری پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە:-

١/ خێرایی گەیشتنی زانیارییەکان:-

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەنتەرنێت بە گشتی و پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بریتیە لە خێرا وەڵام دانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و کۆسپەکان، لەگەڵ ئاسانی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و زانیاری وردەکاری بە هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە (أحمد، ٢٠١٨: ١٨٤).

پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەری گەورەی دروست کردووە، کە شرۆڤەکارانی سیاسی و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن پێشبینیان نەکردووە کە ئەو وێنانەی گەنجان دەیگرن و بڵاوی دەکەنەوە خێراتر بێت لە پەخشی ڕاستەوخۆی کەناڵە ئاسمانیەکان، ئەمە وای کردووە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە زۆر ڕووەوە بینەری لە کەناڵە ئاسمانیە بەناوبانگەکان زیاتر بێت (ورقلة، ٢٠١٣: ٢١٠)، پاشان بۆ بەردەست بوونی تەواوی هۆکارەکانی پەخش کردنی هەواڵ و ڕوداوەکان دەگەڕیتەوە بە دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جولاوەوە، وەک مۆبایلی زیرەک، کامێرای کوالیتی بەرز، ئەنتەرنێتی بەردەوام، لە هەموو شوێن و لە هەموو ساتێک و بەدەستی هەتا منداڵە کەم تەمەنەکانیشەوە دەبینرێیت.

٢/ زۆری زانیارییەکان:-

چەمکی شۆڕشی ئەلکترۆنی خەریکە شێوازێک لە زانستی بوون وەردەگرێت، بە جۆرێک کۆمەڵگاکانی کردووە بە پارچەیەک لە زانیاری و لەڕێی تەکنۆلۆژیاوە دەستاو دەست دەکرێت، زانیارییەکان ئەوەندە زۆرن کە کەسەکان بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

ئارەزووی خۆیان دەتوانن چیان بوێت لێی هەڵبژێرن، لەهەر شوێنێکیش زانیارییەکیان پێویست بێت زۆر بە ئاسانی پێی دەگەن (فاضل، ٢٠١٨: ١٩٢).

بەهۆی ئەوەی بە نزیکەیی سەرجەم زانیارییەکان کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو تا ئێستا پێی گەیشتووە چووەتە ناو تۆڕە جیهانیەکەی ئینتەرنێت، بێجگە لەوەی بە خێرایی و بەهەموو جۆر و زمان و شێوازێک زانیاری دەست دەکەوێت.

٣/ جۆرایەتی زانیارییەکان:-

ڕاگەیاندنی نوێ ئاسانکاری کردووە بۆ پەخش کردنی هەواڵ و زانیاری، بەشێوازیک کە نێرەر ئازادی تەواوی هەیە و تەواو زاڵە بەسەر پەیامەکەیدا، کە چۆن و کەی و بە چ جۆرێک دەینێرێت، هەروەها وەرگریش ئازادە لەوەی کە چۆن و چ جۆرە هەواڵ و زانیارییەکی دەوێت وەریبگرێت، بەبێ دەستکاری و نێوەندگیری کەس و لایەنی سێیەم (عبدالجبار، ٢٠٠٨: ٨٨).

بە کورتی دەتوانین جۆرایەتی زانیارییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:-

أ- ئاسانی و خێرایی گەیشتن بە زانیارییەکان لە سەرچاوە سەرەکییەکەیەوە.

ب- ئاسانی گەیشتنی زانیارییەکان بەجەماوەر بەبێ ئەوەی دەستی دەسەڵاتی پێبگات.

ج- توانای گەیاندنی پەیام بەو شێوەیەی کەسەکان دەیانەوێت، بەبێ دەستکاری ڕاگەیاندنکاران و سیاسیەکان، کە زۆر جار بە شێوازێک دایدەڕێژنەوە کە خزمەت بە خۆیان بکات لەسەر حسابی نوسەرە سەرەکیەکە.

د- هەرزانی نرخی پەخش کردن، زۆرجاریش خۆڕایی بوونی، ئەمە وای کردووە لەبەر دەستی هەمووواندا بێت و حکومەت و کۆمپانیاکان نەتوانن قۆرخی بکەن (أحمد، ٢٠١٨: ١٧٣-١٧٤).

ئەمانە وا دەکات کوالیتی زانیارییەکان و ئاستی متمانە پێبوونی هەواڵەکان لای جەماوەر بەرز بکاتەوەو تاکەکان زیاتر ڕاکێشێت بۆ ئەوەی خۆیان لە چەقی هەواڵەکاندا بدۆزنەوەو تا ڕادەیەکی بەرز کاریگەر ببن و لەگەڵیدا تێکەڵاو ببن.

٤/ کاریگەری و تێکەڵاوبوون:-

پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هۆکاری ژمارە یەکن لە ناو هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا، کە گەنجان پشتی پێ دەبەستن لە وەرگرتن و کاریگەربوون بە ڕووداوە سیاسیەکان (أحمد، ٢٠١٨: ١٩٤)، ئەوەش لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە هۆکارەکانی تردا دەست ناکەوێت، وەکو لێرەدا ڕوون کراوەتەوە:-

- بەشداری کردن:- پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هانی بەشداری کردن دەدات بە نوسینی کۆمێنت و لایک و دووبارە پەخش کردنەوە، بە جۆرێک هەمووان چالاکن و هەمووان بەشدارن.
- کۆبوونەوە:- کەسەکان زۆر بە خێرایی دەتوانن کۆببنەوەو بڕیار لەسەر بابەت و ڕوداوە سیاسیە هاوبەشەکان بدەن.
- گفتوگۆکردن:- هەمووان دەتوانن قسەی خۆیان بکەن و ڕاستەوخۆ ڕای خۆیان دەرببڕن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

- کرانەوە:- زانیاری زۆر و هەمەچەشنەی تیادا دەست دەکەوێت کە دەبێتە هۆی کرانەوەی بیری بەشداربووان (فاضل، ٢٠١٨: ٢٠١-٢٠٢).

ئەم تایبەتمەندییانە داواکاری ناخی کەسەکانە، کە دەیانەوێت خۆیان دەنگ و ڕەنگیان هەبێت، هەروەها لە ناوجەرگەی ڕووداوەکان بن نەک پەراوێزی پشت گوێ خراو، هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییانەیە "پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆکاری بوژاندنەوەی هیوا لە دڵی هاوڵاتیاندا کە بتوانن بەشێک بن لە ڕووداوەکان و دەنگ و ڕەنگیان بینراوو بیستراو بێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری کاریگەر بوون بە ڕووداوەکان و هەستکردن بە خاوەنداری کردنی ڕووداوەکان، پاشان ئەم هەستە بووە هۆی ڕاکێشانی ملیۆنەها کەس کە پێشتر هەستیان بە پەراوێز خستن کردووە و پێیان وابووە کاریگەرییان نیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی"(Ghannam, 2012: 26).

٥/ ئازادی ڕادەربڕین:-

پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیای نوێ هاوکارێکی گەورە بووە بۆ دروست بوون و گەورەبوونی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان و بیستنی دەنگ و سەدای داواکارییەکان لەسەر ئاستی جیهان، ئەمەش وای کرد کۆمەڵێک لە هاوڵاتیان و چالاکوانان لەڕێی ڕاگەیاندن و پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە سنوری ئازادی ڕادەربڕین فراوان بکەن و ڕووبەڕووی حکومەت و دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەکان ببنەوەو سنوری ڕەخنەگرتن فراوان ببێت، هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و کەسایەتیەکانی ئۆپۆزسیۆن و چالاکوانە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ڕووبەڕووی حوکمی دیکتاتۆری ببنەوە (Ghannam, 2012: 10)، وەکو ئەوە وایە هەرکەسەو لە ماڵەوە خاوەنی کەناڵێکی سەربەخۆی خۆی بێت و چی بوێت تیایدا بڵاوی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە بووەتە دیاردەیەکی جیهانی و دەسەڵاتداران توانای کۆنترۆڵ کردنی هەمووانی نەماوە، هەرچەندە هەندێک جار دەتوانن ئاڕاستەکان لە قازانجی خۆیان بەکاربێنن، بەڵام دواجار خەڵک دەتوانێت ڕای خۆی دەرببڕێت، دوای ئەوەی سەردەمانێکی زۆر ئەو مافەیان لێ زەوت کرابوو، پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو مافەی گەڕاندەوە بۆ خاوەن مافەکان.

٦/ گرووپی فشار:-

لەگەڵ بەردەست بوونی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆکردنەوەی خەڵکانێکی زۆر کە هاوسۆزبن لەگەڵ کێشە و بابەتە مرۆڤایەتیەکان کارێکی ئاسانەو لە کەمترین کاتدا زۆرترین جەماوەر کۆدەبنەوە، نەک هەر لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراو بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا لایەنگرو بەرگریکاری بۆ دروست دەبێت، سەبارەت بە کۆبوونەوەی هاوسۆزان پێویستی بە بوونی مادی نەماوە، بە واتای ئەوەی هەمووان لە شوێنێکی دیاریکراو کۆببنەوە، بەڵکو هەر یەکەو لای خۆیەوە دۆسیەکە دەجولێنێت، خۆ ئەگەر پێویستیش بکات بە هەمان میکانیزم خەڵکانێکی زۆر لەسەرانسەری جیهاندا لەسەر بابەتێک کۆدەبنەوەو دەبنە گرووپی فشار بۆ سەر حکومەت و ئەو کەس و لایەنانەی کە کارێکیان کردووە بە پێچەوانەی خواستی ئەو ئاڕاستەیە بوون (أحمد، ٢٠١٨: ١٨٢).

ئەم جۆرە فشارە بەیەکێک لە جۆرەکانی خەباتی مەدەنی هەژمار دەکرێت و هەموو کەس دەتوانێت تیا بەشدار بێت، هەرکەس لە ماڵی خۆی لە شوێنی کاری خۆی، بەبێ ئەوەی کاتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکەن و لە کارو ئیشی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

خۆیان ببن، لەبەر ئەو ئاسانیەش زۆرترین بەشداربووی دەبێت و هەر کەس لەشوێنی خۆی دەبێتە سەرچاوەی دروست کردنی فشار.

کاتێکیش باسی دروست بوونی فشاری سیاسی دەکرێت کە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستی کردووە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی دەڕوات، کە گەنجان لەڕێی بەکارهێنانی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە توانیان فشار لەسەر دەسەڵاتداران دروست بکەن و هەندێکیان واز لە پۆستەکانیان بێنن و وڵات بەجێ بهێڵن، ڕاستە هۆکاری تر هەبوون یارمەتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانیاندا، بەڵام پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە کڵپەکردنی شۆڕش و ناڕەزایەتیەکان (ورقلة، ٢٠١٣: ٢١٣).

٧/ چالاکوانی ناو پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گۆڕەپانی سیاسەت:-

پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هۆکارەکانی تری پەیوەندی لەئێستادا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ئاڕاستە کردن و دروست بوونی ڕای گشتی، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی بەشداری سیاسی لای هاوڵاتیان، بەوەش کاریگەری بەرفراوانیان لەسەربڕیار بەدەستان دروست کردووە (فاضل، ٢٠١٨: ٢١٣).

یەکێکی تر لەو دیاردانەی کە لە سیاسەتدا باوە بریتیە لە پەیڕەوکردنی جۆرێک لە تیرەگەرێتی، یان بە زمانی سیاسی هاوپەیمانێتی سیاسی لە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دا پیادە دەکرێت، بە شێوازێک هەر کەس بیەوێت بازنەی پەیوەندییەکانی فراوان دەکات بەمەبەستی بەرگری کردن لە یەکتری لە کاتی هێرشە دەرەکیەکان، وەک (کۆمێنتی خراپ، سوکایەتی پێکردن، تێکدان)، لەبەر ئەوەی بە گروپێکی گەورەتر بەرەنگاربوونەوە باشترو سەرکەوتووتر دەبێت(مشري، ٢٠١٢: ١٥٢)، ئەم دیاردەیەش بە خودی سیاسەت کردن هەژمار دەکرێت بە شێوازە کلاسیکیەکەی کە لە جیهانی ئەلکترۆنیشدا دووبارە بووەتەوە، هەر ئەوەیە ئەو ڕایەی بەهێز کردووە کە دەڵێت ئەنجام دانی چالاکی بە هەردوو ڕێگەی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین هەر بە سیاسەت هەژمار دەکرێت، واتا دەکرێت کەسێک چالاکوانی ناو پێگەکان بن و بە چالاکوانی سیاسیش لە قەڵەم بدرێت با لە گۆڕەپانیشدا بوونیان نەبێت.

سیاسەت یەکێکە لە بەشە گەورەکەی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە پێگەکان خەڵکی سیاسیان زیاد کردووە، بە واتای هۆشیاری سیاسی زۆر بووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاسۆ و ئازادی ڕادەربڕینی زیادکردووەو لەئەنجامی ئەوەدا کەسەکان دەتوانن ئەوەی دەیانەوێت دەری ببڕن، ئەوەش وای کردووە دروستکردنی فشار و بەرزبوونەوەی ئاستی داواکارییەکان و هەوڵدان بۆ ژیانێکی باشتر بووەتە سیمای ئەم سەردەمە، کە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانکارییە.

نووسەرە عەرەبەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە "پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی لای گەنجانی عەرەب و باشتر مافە سیاسی و ئابورییەکانی خۆی ناسی، پاشان هاندەر بوو بۆ ڕزگار بوون لە کۆت و بەندە دەسەڵاتە دیکتاتۆری و پۆلیسیە کۆنەکان، لە ڕێی دروست کردنی ڕایەڵەی شارستانی لەگەڵ کلتورە جیاوازەکاندا"(مشري، ٢٠١٢: ١٦١).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## ئەنجام:

سەرئەنجام کار و کاریگەریی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، دەروونی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، خەریکە ئەو دەبێتە خاوەن ماڵ و مرۆڤەکان دەبنە میوان، سەراپای ژیانی گۆڕی لە (پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، سیاسەت، ئابوری، بزنس، ڕاگەیاندن، ... هتد)، زۆر بە هێمنی هاتە ناوماڵەکان، بەڵام چاکترین شوێن و زۆرترین کاتی بۆ خۆی گرت، جێگۆرکێی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کرد، جێگەی بە کەناڵە ئاسمانیەکان لێژ کرد، هەڵمەتی هەڵبژاردنە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان بەڕێوە دەبات، نهێنی تاک و خێزان و کۆمەڵەکان دەخاتە سەر شاشەی کۆمپیوتەرو مۆبایلەکان، ئەوەی فێری دەبێت وازی لێ ناهێنێت، بەکارهێنەرانی بەردەوام لە زیادبووندان و بوار نەماوە خۆی تێ نەخزێنێت.

ئەوەی دەبینرێت مرۆڤەکان لەنێوان دوو کۆمەڵگادا ژیان دەگوزەرێنن، کۆمەڵگایەکی ڕاستەقینەو کۆمەڵگایەکی ئەلکترۆنی، لەزۆر شتدا لەیەک دەچن، وەک بوونی یاسا، پەیوەندی و کارتێکردن، گروپ و هاوپیشەکان، هاوتەمەن و هاوپۆلەکان، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بنەما کۆمەڵایەتیەکانی بەشێوازێکی جیاواز دارشتەوە، هیچ شتێک وەکو پێشتر نەماوە، ئەو گۆڕانکارییە خێراییەی دروستی کردووە لە ماوەی (١٥) ساڵدا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بە (٢٠٠) ساڵیش ڕووی نەداوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# The Role of Social Media in Socialization

**Dana Fadhil Mohammed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil , Kurdistan Region ,Iraq.
E-mail: danafazil@gmail.com

**Tahir Hassu Zebari**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil , Kurdistan Region ,Iraq.
E-mail: tahir.zebari@su.edu.krd

**Abstract:**

This research seeks to find the relation between the concepts of (socialization, political awareness, and social media), Then, it focuses on the first emergence of social Medias, for finding the properties and the importance of their role in the social relations and people's lives. After that, we want to know to what extent the social relationship has the effect on the political awareness of the individuals and what happens next, is there a reason for the people to ask for their rights, or the world leader's abuse this factor for their interest.

In (2020) around (15) years on the appearance of social medias, This means the companies have collected the data fifteen years of their users from the picture, video, click, post, share, location, job, Hobby, etc. It has expected that via the analysis of the data, before the election the political background of the people is going to be known. Furthermore, their lifestyle is is going to be known. This leads to political change all over the world.

**Key Words:** Social Media, Socialization, Political Awareness.

# سەرچاوەکان

Alexa. (2019, Apr. 15). pinterest.com Traffic Statistics. Retrieved from alexa.com: http://web.archive.org/web/20190416192700 /https://www.alexa.com/siteinfo/pinterest.com.

Allgaier, J. (2018, July 25). Myspace. Retrieved from ResearchGate: https://www.researchgate.net/publication/326600683_Myspace.

Aslam, S. (2019, Jan. 6). YouTube by the Numbers: Stats, Demographics & Fun Facts. Retrieved from omnicore: https://www.omnicoreagency.com/youtube-statistics.

Bellin, J. (2012). Facebook, Twitter, and the Uncertain Future of Present Sense Impressions. University of Pennsylvania Law Review, 160, 331-375.

bharatstudent. (2019, Nov. 20). About bharatstudent. Retrieved from bharatstudent.com: http://www.bharatstudent.com/help/about.php.

boyd, d. m. (2008). Social Network Sites: Definition, History,and Scholarship. Journal of Computer-Mediated Communication, 210-230.

Facebook. (2019, Nov. 20). about fb. Retrieved from FACEBOOK: https://about.fb.com/company-info.

Fadhli, M. (2018). A Case Study of Social Networking Site: Friendster vs Facebook. Malaysian Journal of Public Health Medicine, 18, 57.

Ghannam, J. (2012). Digital Media in the Arab World. Washington: Center for International Media Assistance.

Gould, M. (2011). The Mass Media and Socialization. Sociology Reference Guide, 80.

Hosch, W. L. (2019, Oct 18). Web 2.0. Retrieved from WaybackMachine: https://www.britannica.com/topic/Web-20.

Kemp, S. (2019, Jan. 30). Digital 2019: Global Internet use accelerates. Retrieved from we are social: https://wearesocial.com/blog/2019/01/digital-2019-global-internet-use-accelerates.

Linke, K. (2015, Jan. 2). Generation Facebook? – The History of Social Networks. Kufstein, ., Austria.

Nguyen, T. (2017, 10 1). Undergraduate Students' Use of Facebook. Tampere, -, Finland.

Obar, J.O.&Wildman,S. (2015). Social Media Definition and the Governance Challenge: An Introdution to the Special Issue. Telecommunications policy, 746.

reddit. (2019, Nov. 22). About reddit. Retrieved from reddit.com: https://www.redditinc.com.

Schroepfer, M. (2019, Sept. 30). Stats. Retrieved from FACEBOOK Newsroom: https://newsroom.fb.com/company-info.

SnapInc. (2019, Oct. 19). Snapchat. Retrieved from M APKMirror: https://www.apkmirror.com/apk/snap-inc/snapchat/snapchat-10-70-5-0-release.

Thacker, D. (2018, Dec. 10). Expediting changes to Google+. Retrieved from google: https://www.blog.google/technology/safety-security/expediting-changes-google-plus.

Wang, J. (2011, Oct. 20). How Tagged Made a Turnaround for Growth. Retrieved from entrepreneur: https://www.entrepreneur.com/article/220449.

WhatsApp.com. (2019, Nov. 20). About WhatsApp. Retrieved from WhatsApp.com: https://www.whatsapp.com/about.

Wikipedia. (2019, Nov. 10). Friendster. Retrieved from Wikipedia: https://en.wikipedia.org/wiki/Friendster.

Wikipedia. (2019, Nov. 10). LinkedIn. Retrieved from Wikipedia: https://en.wikipedia.org/wiki/LinkedIn.

Wikipedia. (2019, Nov. 11). Tumblr. Retrieved from Wikipedia: https://en.wikipedia.org/wiki/Tumblr.

Wikipedia. (2019, Feb. 1). Twitter. Retrieved from Wikipedia: https://en.wikipedia.org/wiki/Twitter.

أحمد، موفق أسعد، (٢٠٠٢)، مێژووی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت لە سلێمانی، ڕۆژنامەنوسان، ٢، ١٥٦.

غدنز، أنتوني، (٢٠٠٥)، علم الإجتماع، (فايز الصياغ، المحرر) بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

شاهين، بهاء، (١٩٩٦)، شبكة الانترنيت، القاهرة: العربية لعلوم الحاسوب.

عبدالجبار، حسين، (٢٠٠٨)، إتجاهات الاعلام الحديث والمعاصر، عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.

راضي، زاهر، (٢٠٠٣)، استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في العالم العربي، مجلة التربية ١٥، ٢٣.

نورالهدى، شعوبي، (٢٠١٤)، تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على الوعي السياسي، ورقلة: غير منشور.

العقيل، عبدالكريم، (٢٠٠٠)، الانترنيت الدليل العملي، الرياض: مكتبة الجرير.

الاسمري، عبدالله علي، (٢٠٠٩)، العشق الالكتروني، بيروت: الدار العربية للعلوم ناشرون.

السالمي، علاء عبدالرزاق، (٢٠٠٢)، تكنولوجيا المعلومات، عمان: دار المناهج.

عبدالرحمن، كارزان حسن، (٢٠٠٤)، دور وسائل الاتصالات الحديثة في خلق المشكلات الاجتماعية، السليمانية: غير منشور.

طربيه، مأمون، (٢٠١١)، علم الإجتماع في الحياة اليومية، بيروت: دار المعرفة.

مشري، مرسي، (١ ، ٢، ٢٠١٢)، المستقبل العربي، ٣٩٥، ١٤٩-١٦٩.

فاضل، مشتاق طلب، (٢٠١٨)، دور مواقع التواصل الاجتماعي في تكوين الرأي العام المحلي ٢٠١٤ - ٢٠١٧، مجلة تكريت للعلوم السياسية العدد ١٢، ١٩٠-٢٢٥.

أحمد، نادية إبراهيم، (٢٠١٨)، دور الاعلام الجديد في تكوين الوعي السياسي لدى الشباب، مجلة الحكمة للدراسات الاعلامية والإتصالية، ١٧١-١٩٨.

ورقلة، نادية، (٢٠١٣)، دور شبكات التواصل الإجتماعي في تنمية الوعي السياسي و الإجتماعي لدى الشباب العربي، منصة المجلات العلمية الجزائرية، ٢٠٠-٢١٧. تم الاسترداد من ASJP Algerian Scientific Journal Platform.

فهمي، هيثم، (١٩٩٦)، مرحلة عبر الشبكة الدولية إنترنيت، القاهرة: مطابع الزهراء للإعلام العربي.